# دەربارەی تەوژمی ناسیۆنالیزمی توندڕەو لە ئەوروپا

**عەدنان: دیاردەی ڕاستی توندڕەو یان ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان ساڵانێکە باڵی بەسەر زۆر جێگای دونیادا کێشاوە. سەرهەڵدانەوەی ئەم ڕەوەندە لە ئەوروپادا بۆخۆی جێگای سەرسامی و هەڵگری زۆر نیشانەیە. هەندێک بە ئاکامی ئەو بۆشاییە ئایدیۆلۆژییەی ئەم دەورانەی دادەنێن و هەندێکیش دەیگێڕنەوە بۆ ئەو شەپۆلی کۆچ و پەنابەرەییە کە ئەوروپای تەنیوەتەوەو کاری کردۆتە سەر سیستمی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانە و هەندێکیش هەن کە ئەوە بە دیاردەیەکی سروشتی ئەوروپای دەبینن وبەڵگەشیان دیاردەکانی نازیەت و فاشیزم و نازیزمی نوێیە کە لە جەرگەی ئەوروپادا سەریان هەڵداوە و گەشەیان کرد. کەسی تریش بە ڕەنگدانەوەیەکی سەلبی گلۆبالیزەیشن و یەکێتی ئەوروپای دەبینن. تێڕوانین و ڕوانگەی بەڕێزتان بۆ ئەم جوڵانەوە و بەخۆدا هاتنەوە تازەیەی ڕاستڕەوەی چییەوە و چۆن ئەم بارە تازەیە ئەخوێننەوە؟**

**ئاراس فەتاح:** ڕاستییەکی نەشاردراوەیە کە نەخشەی سیاسی نوێی ئەوروپا چیدی لە نێوان بەرەی ڕاست و بەرەی چەپدا دابەش ناکرێت، بەڵکو لەناو ئەم چوارچێوەیەدا گەمەکەرێکی تر بەدیدەکەین، کە بووە بە واقیعێکی سیاسی نوێ. گومانی تێدا نییە کە ئەم گەمەکەرە سیاسییە نوێیە بە زیاد لە ناوێک ناوزەدکراوە؛ بۆ نموونە بە بزوتنەوە ناسیۆنالیستە تونڕەوەکان یاخود ڕاستە توندڕەوەکان یان فاشیست یا نازییە نوێیەکان و لە زمانی ئەکادیمیشدا بە هێزە پۆپۆلیستەکان ناونووس دەکرێن. کە دەڵێم ئەم هێزانە بوونە بە واقیعێکی سیاسی، مەبەستم ئەوەیە ئەو ڕاڤەکردنە سادەگۆیە پووچ بکەمەوە کە تاوەکو دوێنێ بانگەشەی ئەوەیدەکرد کە گوایە ئەم هێزانە، هێزی نارەزایین و دیاردەیەکی تێپەڕی ناو کەلێنەکانی کۆمەڵگا و سیستمی دیموکراسی ئەوروپی پێکدەهێنن. ئەمرۆ، لە وڵاتانی ئەوروپادا پاش (فینی)ی ئیتالیی و (هایدەر)ی نەمساوی و (ژان ماری لوپێن)ی فەرەنسی و (شیل)ی ئەڵمانی و (پیم فۆنتۆین)ی هۆڵەندی تا دەگاتە ئەوانەی دی، ناتوانرێت چیدی باس لە دیاردەیەکی تێپەڕ و هەڵگری خەسڵەتی نارەزایی بکەین، ناتوانین باس لە خەڵکانێک بکەین کە بۆ یەک جار کارتی دەنگدانەکانیان دەدەن بەو هێزە توندڕەوانە، لەبەرئەوەی گوایە لە حیزبە تەقلیدییەکانی خۆیان زویرن و تۆڕەن، بەڵکو دەبێت باس لە چەکەرەی قارچکئاسای هێزگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بکەین، کە هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن ڕۆژەکانی ژیانی دیموکراسی کورتدەکەنەوە و مەوداکانی فرەدەنگی و فرەڕەنگی و فرەچەشنی ناو کۆمەڵگا و دەزگاکانی تەسکدەکەنەوە و دوارۆژی سیستمەکەی دەخاتە بەردەم ئەگەرێکی زۆر ترسناکەوە.

ئەگەرچی لەناو پرسیارەکەتدا زیاد لە پرسیارێکت حەشارداوە و پتر لە ئیشکالیەتێکیش دەوروژێنی کە ناتوانم لەم بوارە تەسکەدا هەمووی تاووتوێبکەم، بەڵام هەوڵدەدەم لە چەند سەرەنجێکدا کۆی بۆچوونەکانم بە خێرایی بەرجەستەبکەم.

## سیاسەت لە نێوان پیشەسازی بەرهەمهێنانی ترس و پەیامی مۆژدەگەرایی

بە بۆچوونی من یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی قەیرانی دیموکراسییەت بریتییە لە پرۆسەی دابڕانی سیاسەت لە کۆمەڵگا و دووركەوتنەوەی بەردەوامی سیاسەت لە خواستە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکان. لێرەوە

سیاسەت ڕێچکەیەکی ترسناک لە خۆی دەگرێت، ڕێچکەیەک کە چیدی پرۆگرام و ناوەڕۆکە سیاسییەکان نین کە دەنگ کۆدەکەنەوە، بەڵکو ترس و خەمە بچوک و چاوەڕوانییە کەسی و گروپییەکانن کە دەبن بە هێزی دەستنیشانکەری نوخبەی سیاسی داهاتوو. واتە ئەو هێزە سیاسییەی کە ترسی مرۆڤەکان گەورەدەکاتەوە و خەمەکانیان بە پفدراوی نمایشدەکات و گەورەترین پەیمانیان دەداتێ بۆ تێرکردنی چاوەڕوانییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان، ئەو هێزانەن کە ئەمڕۆ بەشێکی بەرچاوی گوتارەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایانەیان داگیرکردووە. سیاسەت بۆ ئەم هێزانە چیدی پێشنیارکردنی پرۆگرام نییە، بەڵکو سیحری ئەو بەڵێن و پەیمانانەیە کە بە کۆمەڵگای دەدات و ئەو پێکهاتە ئاڵۆزەیە لە ترس و گەشبینی بۆ ئەو مرۆڤانەی کە ترسی پەراوێزبوونیان لەناو ئاڵۆزێتی کۆمەڵگای ئێستای ئەورووپیدا بەردەوام لە گەورەبووندایە. بەم چەشنە ئەم تەوژمە سیاسییە نوێیە چەندە وابەستەی بریقەداریی ئەو دروشمانەیە کە هەڵیگدەگرێت و چەندە پابەندی ئەو کاریزمایەیە کە سیاسییە پۆپۆلیستە ڕەگەزپەرستەکان هەیانە، ئەوەندە پابەندی واقیعی ئەو پرۆگرامانە نییە کە ئەم ڕێکخراوانە هەیانە.

لە ئەورووپای ئەمڕۆدا ئاڕاستەیەکی سیاسی نوێمان هەیە کە پێمان دەڵێت سەردەمی پارتە تەقلیدی و سەرکردە «پەیمان بەسەر نەبەر»ەکان کۆتایی هات و گوتارێکی پڕ مـوژدە و پەیمانی نوێ دەستی پێکرد کە سەرکردەی ڕاستگۆ پێڕەوایەتی دەکات. ئەم گوتارە لە ئاستێکی دوالیزمانەدا کاردەکات. یەکەمیان قسەکردنە لە ترسی هەرەس و داڕوخان لەوەی کە هەیە، دووەمیان وەعد و پەیمانە بەوەی، ئەوەی تۆوی خراپکردن و وێرانکردنی ئەم کۆمەڵگایانەی هەڵگرتووە، لەناوببرێت.

ئەوەی لێرەدا جێگای تێرامانە خاڵێکی سەرنجڕاکێشە، ئەویش خاڵی ئەو سیحرەیە کە وەعدە سیاسییەکان هەیانە، واتە ئەو بەڵێنە سیاسییانەی کە بۆتە نوێترین گەمەی ناو سیاسەتی ئەمڕۆی وڵاتە ئەورووپییەکان. ئێمە لە کولتووری هەڵبژاردنی وڵاتە دیموکراتییەکان ئەو ڕاستییە دەزانین کە کام ڕێکخراو باشترین و تۆکمەترین پڕ وەعدترین پرۆگرامی پێشکەشکرد، ئەو پارتە لە ململانێی پارلەمانتاری بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، شانسی هەڵبژاردنی زۆرترە. ئەم کولتووری وەعدە بە جۆرێک لەق بووە کە چیدی ئاسان نییە بتوانرێت ئەو درزە گەورانەی لە بڕوای خەڵکدا دروستی کردووە، جێگاکەی پڕبکرێتەوە. لەبەرئەوە کولتوورێکی سیاسی تر دروستدەبێت کە هەڵگری بەڵێنی نوێیە، هەڵگری موژدەگەلێکە کە دەڵێت ئێمە کۆمەڵگا لەو کێشانە ڕزگاردەکەین کە سیاسییە باڵادەستەکان باسی ناکەن و پەنجەی بۆ نابەن. کولتوورێکە کە تا ئەوپەڕی تێژپەڕی ترسەکان دەووروژێنێ و چارەسەری ئاسان و زووبەدەستیان بۆ دیاریدەکات. کولتوورێکە کە هۆکارەکان لە چەند خاڵێکی زۆر ساکار و سادەگۆدا کۆدەکاتەوە کە پێویستی بە هێزی قەناعەتپێهێنانی گەورە نییە. چونکی دیارە دەبێت ئەوە بزانین بۆئەوەی کێشەی بێکاری بە جۆرێکی عەقلانی ڕوونبکەینەوە، دەبێت هەڵژمارمان لەبەردەستدابێت، تاوەکو هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕوونبکەینەوە، بەڵام گەر شیکارەکان بە ئاراستەی دۆزینەوەی تاوانبار کاریانکرد و وێنەی دوژمنیان دروستکرد، ئەوا چارەسەرەکانیش ئاسانتر دەبن. بۆ نموونە ئاسانە قەناعەت بە کرێکارێکی ئەورووپی بهێنیت کە بێگانە جێگەکاریان داگیردەکات و پێی بڵێیت ئەمەش هۆکاری بێکاری تۆیە. بەم چەشنە هاوکێشەی چارەسەرکردنەکانیش زۆر ساکار دێنە پێش چاو: دەرکردنی بێگانەکان واتە دروستکردنی شوێنی کار بۆ خۆت و هاوڕێکانت. بە مانایەکی دی ئاسان نییە بە هەمان هێزی ئارگومێنت کار بکەین و بڵێین ڕێژەی بێگانە لەم وڵاتانە لەوە بچووکترە کە ببێتە هۆکاری پەشێوی کۆمەڵایەتی و بێکاری و نامۆبوونی کولتووری، کە هەموو ئەم هێزە نوێیە پۆپۆلیستانە کاری لەسەردەکەن. ئەمە سەرباری ئەوەی کە زۆربەی ئەو کەرتە ئابوورییانەی بێگانەکان کاری تێدا دەکەن، ئەورووپییەکان خۆیان نایکەن. بێگومان

هەڵە و نەفامییەکی گەورەیە گەر ئێمە ئەم جۆرە سادەگۆییە لە شیکاری هۆکارەکانی بێکاری، بەتەنها هێزی بکێشی دابنێین بۆ ناو تەوژمە ڕاستڕەوەکانی ئەوروپا، ئەمەش لەبەر خاڵێکی زۆر ساکار؛ با چاوێک بەو وولاتەدا بگێڕین کە تۆ تیایدەژیت، هۆڵەندا ولاتێکە خاوەنی سیسمتێکی کاری لەق نییە و بێکاری تیایدا لە زۆربەی وولاتە ئەوروپییەکان کەمترە، بەرامبەر بەمەش هۆڵەندییەکان سیستمێکی زەمانەتی کۆمەڵایەتییان هەیە، پاشان سیستمێکی خوێندن و تەندروستی کەم تا زۆر دروستیان هەیە و تا دەگاتە ئەوەی کە ئەم وولاتە بە یەکێک لە وولاتە لیبرالەکانی دونیا بەناوبانگە و شانازی بە مولتی کولتووریتی کۆمەڵگاکەیەوە دەکات و لە کۆتاییشدا دەتوانین بڵێین کە لەم وولاتەدا سەقامگیرییەکی سیاسی بەرچاو هەیە. کەچی ئەم هەموو کۆڵەکە گرنگانە لە ڕووی ئابووری و پەروەردە و تەندروستی و سیاسییەوە نابنە ڕێگر لەبەردەم دەرکەوتێکی وەکو (پیم فۆرتوین)، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبینین ئەم هێزانە گوتارەکانیان لە هەموو ئەو کایە گرنگانەدا بەکارە کە پابەندی ئاسایش و کولتوور و ڕەگەز و ئەوسا کار و شتەکانی ترە. لێرەدا دەتوانین لەگەڵ نووسەری هۆڵەندی (مارسیل موێرینگ) بڵێین هۆڵەندییەکان لە منداڵێک دەچن کە ماڵەکەیان پڕیتی لە گەمەی منداڵان و یەک ترسیان هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەوە لەدەست بدەن کە هەیانە.

(مارسیل موێرینگ) ڕای وایە ئێمە ناتوانین لەم دیاردە نوێیە بگەین گەر ئاوڕ لە ڕەهەندە ئایینییەکانی نەدەینەوە. ئاشکرایە لە ڕووی مێژووییەوە لە ولاتێکی وەکو هۆڵەندا کالڤینیزم کۆڵەکەیەکی سیستمی سیاسی پێکهێناوە. گوتارەکانی ئەم دەرکەوتە سیاسییە نوێیەش، کە لە کەسایەتییەکی پەیامهێنەرئاسای وەکو (پیم فۆرتوین)دا بەرجەستەدەبێت، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە زمانێکی ئایینی هەڵگری کۆی ئەم گوتارە پڕموژدەیەیە. واتە لە دوای کالڤینەوە دەبینین ئەم کۆمەڵگایە بە ڕای (موێرینگ) خۆی دەخاتە ناو باوەشی کابرایەکەوە کە بەڵێنی ئەوە بە خەڵک دەدات لە هەرەس و داڕووخان ڕزگاریان بکات. لێرەدا دەبینین کە قودرەتی ئایدۆلۆژیای سیاسی نییە کە قەناعەت بە خەڵک بهێنێت کام پرۆگرام چاکە و کامە خراپ، بەڵکو هێزی ئیمانە بەوەی کە سیاسییەک دەتوانێت موژدەی ئەوە بە خەڵک بدات کە بە تەنها ئەم کۆمەڵگایە لە لەعنەت ڕزگار بکات.

## سیاسەت و سیناریۆ دژێوەکانی بۆ کۆمەڵگا

لایەنگرانی ئەم جۆرە بزوتنەوانە وێنایەکی وەحشەتناکیان بۆ کۆمەڵگاکەیان هەیە و وا بیردەکەنەوە کە کۆمەڵگاکەیان خۆی لەبەردەم هەڕەشەی گەورەدا دەبینێتەوە. هەڕەشە، لەوێنەی نامۆبوونی کولتووری، لەدەستدانی ئازادی، تێکچوونی ڕێژەی نەژادی دانیشتوان و غەزووی ئایینی (بۆ نموونە لە ڕێگای ئیسلامەوە) و زیادبوونی ڕێژەی گروپی مافیایی و تاوان و چەندان وێنەی ترسناکی تر، کە کۆی ئەمانەش لە دیدی ئەم هێزانەدا بەهۆی کۆچبەر و پەناهەندەکانەوە گوزراونەتەوە بۆ ئەم ولاتانە. بە کورتی ئەم وێناکردنە هیولاییە لەسەر میکانیزمێک کاردەکات کە پاکژێتی ئەم کۆمەڵگایانە لە بەردەم ترسناکییەکی گەورەدا دەبینێت کە پاشەڕۆژی لە هەرەسی کۆی نرخە کۆمەڵایەتی و ژیارییەکان و سیستمەکەیدا بەرجەستەدەبێت. دیوی ئەودیوی ئەم گوتارەش پێمان دەڵێت کە ئەم کۆمەڵگایانە لەبەردەم شەڕی نێوان کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و کولتوورە دواکەوتووەکاندایە، جەنگێکە لە نێوان ناوەوەی پاک و دەرەوەی پیسدا. بە مانایەکی تر ئەو کۆڵەکانەی کە گوتاری ڕەگەزپەرستی لەسەری ئیشدەکات.

بەم چەشنە دەتوانین بگەڕێینەوە سەر سەرەتای گفتوگۆکەمان و ئەوە دووبارەبکەینەوە کە ئەو کەلێنەی نێوان سیاسەت و کۆمەڵگا بەرئەنجامی ئەوەیە، کە بڕێکی هەرە زۆری ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی هەڵگری شیکارەکانی

ئەم هێزە پۆپۆلیستییە نوێیانەن، کەسانگەلێکن کە سەروکاریان لەگەڵ سیاسەتدا نییە، کەسانێکن ئەوەندەی تەماسیان لەگەڵ بێگانە لە ڕێگای سەفەرەکانیان بۆ پشوو لەدەرەوەی وڵاتەکەیان هەیە، بەرامبەر بەوە لەگەڵ بێگانەکانی وڵاتەکانیان نیانە. نموونەیەکی تر بۆ ناسیاسیبوونی ئەم گروهە کۆمەڵایەتییە: ئەوەندەی من ئاگادارىم زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی لە هۆڵەندا (پیم) هەڵدەبژێرن، بچووکترین زانیارییان دەربارەی پرۆگرامی پارتەکەی نییە. بە ڕوونکردنەوەی ناکۆکییەک دەتوانین ئەم تێبینییەمان بەرجەستەبکەین. ئەو هۆڵەندییانەی لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنی شارەوانیدا دەنگیان بەم دەرکەوتە نوێیە دا، کەچی نەیاندەزانی، کە لە پرۆگرامی ڕێکخراوەکەی (پیم) هاتووە کە پاش هەڵبژاردن پارەی کۆمەکی کرێی خانوو بۆ کەم دەرامەتەکان ببڕێت. دیارە ئەمەش بە نۆبەتی خۆی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئاستێکی کەم تا زۆر نزمی ژیانیان هەیە و چاویان بڕیوەتە مۆژدەکانی ئەم پەیامبەرە سیاسییە، بۆ ئەوەی دۆخ و شانسی ژیانیان باشتر بکات. ئەم دیاردەیە بەتەنها پابەندی ئەو دەرکەوتەی هۆڵەندا نییە، بەڵکو میکانیزمێکە لە وڵاتە ئەوروپییەکانی تریش لای هەموو ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە بەدی دەکرێت کە ئەم باڵە توندڕەوانە هەڵدەبژێرن.

ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە گێلێتی و غەفڵەتێکی گەورە لە پاشخانی ڕۆشنبیری ئەم هێزە کۆمەڵایەتییانەوەیە، هەروەکو چۆن لاعەقلانییەتێکی گەورە لە پشت پرۆگرامە سیاسی و ئابوورییەکانی پارتەکانیانەوەیە. ئەمەش بەو دەرئەنجامە ترسناکەمان دەگەیەنێت کە ململانێی سیاسی لەوە دەردەچێت ململانێی نێوان پرۆگرامەکان بێت، بەڵکو دەبێتە ململانێی سیاسییە خاوەن کاریزماکان و مۆژدەکانیان. گەر چاوێک بە هەڵبژاردنی فەرەنسادا بگێڕین، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوونەبێتەوە کە ئەوە کەسەکانن، واتە سیاسییەکانن وادەکەن زۆربەی دەنگ کۆبکەنەوە، نەک پرۆگرامە سیاسییەکان، ئەوە کاریزما پۆپۆلیستە ڕەگەزپەرستە نوێکانن وادەکەن دڵەڕاوکێ لای سیاسییە کۆنەکان دروستبکەن، نەک کەلەپووری سیاسی حیزبەکان و خەباتە دێرخانەکانیان، ئەوە مۆژدە نوێکانە کە جێگا بە پەیمانە بەردەوام دووبارەبووەکان چۆڵدەکات و لە کۆتاییشدا ئەوە ترس و فۆبیا ئایندەییەکانن کە پرۆسەی گلۆبالیزە و یەکێتی ئەوروپی و دیاردەی کۆچ بۆ داهاتووی ئەم کۆمەڵگایانە دروستی دەکات، نەک واقیعی ئێستا.

## گلۆبالیزە و دوژمنەکانی

بەم چەشنە دەتوانین هەنگاوێک بەرەو ئیشکالییەتێکی تر بنێین، ئەویش ئەوەیە کە گلۆبالیزەبوونی پەیوەندییەکان و ئابووری لەگەڵ خۆیاندا گلۆبالیزەبوونی ترسەکانیش دەهێنن. من لێرەدا باس لە هۆکارە ئابوورییەکان ناکەم، بۆ نموونە ماراتۆنی ئاوێزانبوونی کۆمپانیا مولتی نەتەوەییەکان و گواستنەوەی بەرهەمهێنان لە وڵاتە ئەوروپییەکانەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە هێزی کار تیایاندا هەرزانە و تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکان و... هتد. و پاشان ئاکامی ئەم پرۆسەیە لەسەر ترسی بێکاری و دروستبوونی کەسادی ئابووری، ئەمانە دەخەمە لاوە و مەبەستمە لەسەر کاریگەرییە کولتووری و سیاسییەکانی ئەم پرۆسەیە، بەتایبەت لە دوای یانزەی سیپتێمبەرەوە، بڕێک بدوێم. بە هۆی ئاوێزانبوونی پەیوەندی و ئابووری پێکهاتی ئەم کۆمەڵگایانەش گۆڕانکاری گەورەی تێدا دروستبووە. زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان لە بناغەدا وڵاتی فرەکولتوری نەبوون و لە دەستوورەکانیشیان باس لەم مەسەلەیە نییە، وەکی لە ئەمریکا و کەنەدا و ئوسترالیا بەدیدەکەین. گلۆبالیزە دەستکاری گەورەی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە دەکات و چیدی ناتوانین باس لە کۆمەڵگای یەک ڕەگەزی بکەین، ئەمەش دەبێت بە پێکۆڵێکی ناو ئەم کۆمەڵگایانە. یانزەی سیپتێمبەر دەبێتە نێچیرێکی ئایدۆلۆژی بۆ هێزە پۆپۆلیستەکان و ڕاسترەوەکان تاوەکو وەکی بۆمبێک لە ناو یادەوەری و

ترسەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر بە گلۆبالیزە و دەرئەنجامەکانی بیتەقێننەوە. لەدوای یانزەی سیپتێمبەرەوە هێزە توندڕەوەکان ترسێکی گەورە بەرامبەر داهاتوو لەم وولاتانەدا دروستدەکەن و هەموو بێگانەیەک بە بۆمبێکی خەوتوو تەماشادەکەن. ئەم دیدگایەش پشتگایەکی گەورەی تێزی نامۆبوونی کولتوورییە کە ئەم هێزانە بە هۆی گلۆبالیزەوە پروپاگەندەی بۆ دەکەن. واتە ترس لە وونبوونی کولتووری ڕەسەن و ڕەگەزی ڕەسەن و زمانی ڕەسەن. دیارە لێرەشدا ئیسلام و کولتوورەکەی باشترین نێچیری ئەم ئایدۆلۆژیا ڕەگەزپەرستانەیە، بۆئەوەی وەکی مەترسییەک بۆ داهاتووی کولتوور و ئاسایشی ئەم وولاتانە بەیانی بکەن.

گلۆبالیزەبوون و بەهێزبوونی ئەم هێزانە دوو هاوکێشەی هاوتەریبی یەکترن. گلۆبالیزەبوون تەنها دیاردەیەک نییە کە لە جیهانی عارەبی و ئیسلامیدا وەکو ترس و فۆبیایەک تەماشادەکرێت و بە پرۆژەیەکی ئیمپریالیستی مۆردەکرێت، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا ئیشکالییەتێکە لەناو خودی ئەم وولاتانەشدا جێگای ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورەی دروستکردووە. ئەوە تەنها ڕۆشنبیرەکانی ئیسلامی سیاسی و چەپ و باڵە ناسیۆنالیستەکانی دونیای ئێمە نین کە پرۆسەی گلۆبالیزەبوون بە غەزووی کولتووری و شێوانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و خنکاندنی ئابووری نەتەوەیی لەقەڵەمدەدەن، بەڵکو ئەم هێزە پۆپۆلیستە نوێیە ئەورووپییانە بە پرۆگرامە ناسیۆنالیستی و ڕەگەزپەرستییە توندڕەوەکانیان دەیانەوێت بەهەچ نرخێک بووە تۆوی ئەم فۆبیایە لە سایکۆلۆژیای مرۆڤە پەراوێزبووەکان و هێزە کۆمەڵایەتییە زەرەرمەندەکانی ئەم پرۆسەیە بچێنن. خاڵێکی تر کە شایستەی قسەلەسەرکردنە، ئەوەیە کە دژایەتیکردنی گلۆبالیزەبوون موورادیفێکی تری دژایەتیکردنی بەئەمریکاییبوونە. ئەم چەشنە لە ململانێ وەکو ووتم بەتەنها دیاردەیەکی ئەورووپی نییە، بەڵکو جیهانی عارەبی و ئیسلامی و ئاسیای دووریشی گرتۆتەوە، بۆ نموونە لە یاپان و هەندێک لەو وڵاتانەی کە «دەوڵەتانی پڵنگ» بەناوبانگن.

ئەم پرۆسەیە وێنەیەکی ڕەش و سپی نییە تاوەکو بڕیارڕ بۆ یەکێکیان بدەین، شتێک نییە ڕێگەی پێبگرین، بەڵکو پرۆسەیەکە چەند هەڵگری ئەگەری ترسناکە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا و ژینگە، ئەوەندەش هەڵگری ئەگەری پۆزەتیڤە. پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و هەموو هێزەکان تیایدا لە ململانێی گەورەدان لەگەڵ یەکتردا؛ ئەو هێزانەی کە تەنها ڕەهەندی ئابووری و هەیمەنەی سیاسی و سەبازی و گەورەکردنی سەرچاوەکانی سەرمایە و ئەگەری هەیمەنەی کۆمپانیا جیهانییەکانی تێدا دەبینن و ئەو هێزانەی کە ڕەهەندە جوانەکانی بەگەردوونیبوونی فرەدەنگی و ڕەنگی کۆمەڵە مرۆییەکان و داهێنانەکانیان و جیهانیبوونی پەیوەندییەکانی مرۆڤ و لەوێشەوە کێشەو چارەسەرەکان و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی جیهانیی دەبینن کە تیایدا مەسافەکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی پاراستنی مافەکان گەورەتر بێت لە مەسافەکانی ناو سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی. بە کورتی دابەشکردنی هێزە ململانێکەرەکان بەسەر بەرەی دژ بە گلۆبالیزە و لایەنگرانی گلۆبالیزە وادەکات کە ئێمە تەنها دوو دیوی مەدالیایەکمان هەبێت و دونیا لەو تەنگەبەرەدا کۆبکەینەوە، واتە یان دژی بین یان لەگەڵیا بین، کە بەڕای من بۆچوونێکی زۆر سادەگۆیانە و ساکارکردنەوەیەکی بێئەندازەی ململانێکانی ناو جیهانی ئێستامانە.

گەر ڕێگەم بدەیت، ئاوڕێکی خێرا لەم ئیشکالییەتەی گفتوگۆ لەسەر گلۆبالیزە لە دونیای خۆمان بدەمەوە. با ڕۆشنبیرە عارەبەکان و ئیسلامییەکان وەلابنێین و تەماشایەکی خێرای هەندێ گوتاری ڕۆشنبیری فۆبیائاسای کوردی بکەین. لەناو ڕۆشنبیری کوردیشدا ئێمە دەنگگەلێکی هاوجووتکردنی گلۆبالیزەبوون بە ئەمریکاییبونەوە دەبینین. واتە هەموو دژایەتیکردنێکی ئەمریکا هاوتەریب بکەین بە دژایەتیکردنی گلۆبالیزەبوون و بەپێچەوانەشەوە، هەموو دژایەتیکردنێکی گلۆبالیزە بە دژایەتیکردنی ئەمریکا هاوتا بکەین. ئەم «نا ـ دیدە» چەندە لە خزمەتی هێزە تەقلیدییەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمەیە، هێندەش تێنەگەیشتنە لەو ئەگەرانەی کە دەکرێت

کورد لە دووتوێی ئەم پرۆسەیەدا بیگاتێ، کە بابەتی ئێستامان نییە. ئەم دەنگانە لێکچوونێکی گەورەیان لەگەڵ ئەو هێزە کوردییانە هەیە کە لەناو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا خوازیاری دووبارە دروستکردنەوەی ئیمپراتۆرییەتیان دەدا، لەکاتێکدا ئەو چرکەساتە مێژووییە، دونیای بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بوو و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خواستی ئەو پرۆسەیە بوو. بە هەمان لۆژیک ئەمڕۆ کار لەگەڵ پرۆسەی گلۆبالیزە دەکرێت. بە مانایەکی تر تێنەگەیشتن لە چرکەساتە گرنگەکانی ململانێ و پێکۆڵەکانی سەردەم و زاڵبوونی دیدێکی جەوهەرگەرایی بۆ دونیا وادەکات ئێمە بەرەو ستاییشی ڕابردوو بگەڕێینەوە و فۆلکلۆر وکەلەپووری ئیسلامی بکەین بە لانەی لاوانەوەی ترسەکانمان بەرامبەر بە پێکۆڵەکانی (تحديات) سەردەمی گلۆبالیزە. بۆیە گوتاری گەڕانەوە بۆ ئیسلام و پاکژێتی کولتووری ڕۆژهەڵاتی لای ئێمە دیوی ئەودیوی ئەو هاوکێشەیەیە کە ئێمە لە گوتاری فۆبیائاسای هێزە تاریکەکانی ئەوروپاشدا دەیبینین. ئەوەی مەبەستمە لێرەدا جەغدی لەسەر بکەم ئەوەیە کە ڕەخنە لە گلۆبالیزە و سیاسەتی ئەمریکا جیایە لە دیدێک کە بە ڕق و کێنە بارگاوی کراوە و لە پشتیشییەوە گوتاری جەوهەرگەرایی و کولتوورالیزم ئەکتیڤ دەکرێت. با بەم تێبینییە لەسەر فۆبیای گلۆبالیزە لای خۆمان کۆتایی بە ئاوڕدانەوەمان بهێنین و بگەڕێینەوە بۆ بابەتە سەرەکییەکەمان کە ئەوروپایە. بە کورتی ترس لە گلۆبالیزە و ئەمریکاییبوون لە ئەوروپا بەچشنێکی سەرنجڕاکێش لە ئارادایە، بەجۆرێک دەبینین ئەم ترسە لە وولاتگەلێکی وەکو فەرەنسا و ئیتالیا هێند گەورەن کە باس لە وونبوونی پاکژی زمان و کولتووری نەتەوەیی دەکرێت لە ڕێگای پیشەسازی کولتووری هۆلیوود و زمانی ئەمریکییەوە. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم تەوژمە تازە پۆپۆلیستییە توندڕەوە لەسەر ترسی تێکچوونی ماڵە خۆماڵییەکان و هەوارگە ترادیسیۆنییەکان و کولتوورە نەتەوەییەکان و ڕەگەزی پاکژ کاردەکات.

گوتاری ئەنتی گلۆبالیزە و ئەنتی ئەمریکانیزم تەنها گوتاری ڕاستەتوندڕەوەکان نییە، بەڵکو بە هەمان ئەندازە لای چەپەکانیش بەدیدەکرێت، بەڵام دیارە لە پاشخانێکی ئایدۆلۆژی ترەوە سەرچاوەدەگرێت. بە گشتی چەپەکانی ئەوروپا تا ماوەیەکی زۆر کێشەی خۆدۆزینەوەیان هەبوو لەناو ئەو پێکهاتە تازەیەی جیهانی دوای ڕووخانی سۆڤیەت. ئێستاش بڕێکی زۆری ئەو چەپانەی کە توانیان خۆیان لە دوای کەوتنی سۆڤیەت ڕابگرن و ڕێکبخەنەوە، دەفعولبەلای بێ چەندو چون لە گلۆبالیزەدا دەبینن، کە سیاسەتی دژەئەمریکایی کۆڵەکەکەیەتی. لەسەر هەمان نەزم و ڕیتم نازی و فاشییە نوێکان کار لە دژایەتی گلۆبالیزە و ئەمریکاییبوون دەکەن. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دژایەتی یەکێتی ئەوروپا دەکەن و بە دەرکەوتێکی تەریبی ئەم پرۆسەیەی دەبینن. ئەمە لە کاتێکدا کە هەندێ بۆچوون دروستبوونی ناسیۆنالیزمێکی ئەوروپی لێچاوەڕوان دەکەن. بەم چەشنەش یەکێک لەو ڕەگەزانەی کە جیاوازی دەخاتە ناو چەپەکان و نیۆفاشیستەکان مەسەلەی هەڵوێستە بەرامبەر بە بێگانە. ئەگەرچی هەردووکیان بە دەرکەوتێکی ئەم پرۆسە گلۆبالیزەیەی دەبینن. لە دیدی نیۆفاشییەکاندا بێگانەکان دەبنە ئەو جانەوەرەی کە بە هۆی پرۆسەی گلۆبالیزەبوونەوە بوونە بە هاونیشتمانی ئەم کۆمەڵگایانە، لەم دەوڵەتانەدا بێگانە، کە بەهۆی جەنگ و چەوسانەوەی سیاسییەوە ڕووی تێدەکەن و دەبن بە پەناهەندە و لەسەر حیسابی دەرامەتی ئەم کۆمەڵگایانە دەژین. بێگانە لەم دیدگایەوە چەندان وێنەی هەیە: بۆ نموونە وێنەی ئیسلامێکە کە، لەمەودوا ئاسان نییە جگە لە بن لادن چیدی هیچ وێنایەکی دی وەربگرێت. بێگانە وێنەی ئەفریقییەکە، تورکێکە، یۆگسلاڤییەکە یان کوردێکە کە کارناکات و ئۆتۆمبیلی بەرزی لەژێردایە و بە مۆبایل نەبێت کارەکانی بەڕێوەنابات، بێگانە ئەو کەسەیە کە جەریمەی زۆر دەکات و کاری ڕەش دەکات و گروپی مافیا دروستدەکات و موخەدەرات دەهێنێت و بازرگانی بە خەڵک و چەکەوە دەکات و... چەندان وێنەی دی کە لە ڕێگای گلۆبالیزەوە دەخرێتە پاڵ ئەم گروهانەی ناو ئەم کۆمەڵگایانە. بێگومان ئێمە ڕووبەڕووی دیاردەیەکی نوێی ڕەگەزپەرستی نین لە ئەوروپا، بەڵکو ئێمە بەرامبەر بە خەزێنەیەکی گەورەی تیۆری ڕاسیزم و بزووتنەوەی

سیاسی دژ بە سامییەکان و جولەکەین و ئارشیڤێکی گەورەشمان لە دیدێکی ئەوروپاگەرایی بەرامبەر بە کۆلۆنییەکان هەیە، کە تا بینەقاقا ڕەگەزپەرستانەیە؛ واتە گەرچی ئێمە قووڵاییەتی مێژووی لەم دید و بزووتنەوانە لە ئەوروپا دەبینین، بەڵام لە سەردەمی ئێستاماندا فۆرمی گوتارەکان و هۆکارەکانی سەرهەڵدانیان، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. گەر یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوە «پان ـ ناسیۆنالیستەکان»ی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دەسەڵاتگرتنەدەستیان لە سییەکاندا دەرئەنجامی قەیرانێکی ئابووری قووڵی ئەم کۆمەڵگایانە بوو بێت، ئەوا ئەمڕۆ ناتوانین بەم پێکهاتە تیۆرییە کاربکەین و شیکاری ناوەڕۆک و فۆرمەکانیان بکەین، چونکی لەبەر دەم دەرگاکانی دائیرەی کاری هۆڵەندی ئەم تێزەیە پووچەڵدەبێتەوە، کاتێک دەبینین کە ناتوانین باس لە بێکاری جەماوەری بکەین، لەبەردەم هەڵژمارەکان لە ئیتالیادا، ئەم دیدە بێدەنگ دەبێت، کاتێک دەبینین کە ڕێژەی بێگانە زۆر لەوە بچووکترە بتوانێت شیرازە و پێکهاتی ڕەگەزی ئەم کۆمەڵگایە بگۆڕێت... هتد. بەم چەشنە من وایدەبینم بەشێکی ئەم بەڵا سیاسییە دەرکەوتی گلۆبالیزە خۆیەتی و کەوتنی پرۆسەی سیاسەتی ئوایزانبوونە لەم وواڵتانەدا بەرامبەر بە بێگانە و باڵادەستی سیاسەتی دابڕانی بێگانەیە لە بەشداری سیاسی و بەشەبوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری.

**بە خوێندنەوەیەکی کورتی ڕێژەکانی دەنگدان بەتایبەت لە هۆڵەندا و فەرەنسا (کە وابزانم لە وڵاتانی تریش بە هەمان شێوە بووە) ئەبینین سەرەڕای کەمی دەنگدەران کە ئەوە نیشانەیەکی زەقی زۆربەی هەڵبژاردنەکانە لەم ولاتانە، هێزە ڕاستڕەوەکان زۆربەی دەنگەکانیان لە نێو کەسانی بەتەمەن دا دێن. دیاردەیەکی تر کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەو ڕاپۆرتە بوو کە لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (الحیاە)دا بلاوکرابووەوە وە تیایدا باس لەوە دەکات کە لە فەرەنسا زۆربەی دەنگدەران بە (ژان ماری لۆپن) لە کرێکاران و چینە ناوەنجییەکان پێک دێت. ئێوە هیچ ناوەڕۆکێکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لەم سەرهەڵدانە تازەیەدا دەبینن؟ بۆ ئاسۆیی هێزە چەپەکان و یەکبوونی سیاست و تەنانەت دروشمەکانیان لە گەڵ هێزەکانی تردا چەند لە خزمەت گەشەکردنی ڕاستەتوندڕەوەکاندا بووە لەم نێوەدا؟ و بەکورتیش چۆن سیری ئەو بەخۆداهاتن و ڕاچڵەکینەی هێزە چەپ و میانڕەوئازادیخوازانەی فەرەنساش ئەکەن لە قۆناغی ئێستادا.**

**ئاراس فەتاح:** دیارە کەمی دەنگدان بەشێکی پابەندی ئەو خاڵەیە کە لە سەرەتا هێمام بۆکرد، ئەویش نەمانێ بڕوا بە گۆڕان لەلایەن ئەو هێزە تەقلیدییانەوە، واتە چەپەکان لە وێنەی سۆسیال دیموکراتەکان لە لایەکەوە و ڕاستەکان لەوێنەی پارتە کونزەرڤاتیڤە گەورەکانی ئەوروپا لە لایەکی ترەوە، کە ساڵانێکی زۆرە بە نۆبەت یان بەشێوەی حکومەتی ئیتیلافی ئەم وڵاتانە بەڕێوەدەبەن. لە لایەکی دی کاتێک دەنگیش کەم دەدرێت، ئەمە بە بەرژەوەندی ڕاستە توندڕەوەکان دەکەوێتەوە، چونکی ئەو کەس و گروپانەی ئەوان هەڵیاندەبژێرن، دەچن بۆ دەنگدان بۆ ڕێکخراوەکەیان. هەرچی پابەندی ڕێژەی تەمەنیشە ئەوەندەی من ئاگاداربم نەک تەنها لە هۆڵەندا و فەرەنسا، بەڵکو لە وڵاتەکانی تریشدا زۆرینەی دەنگ بۆ پارتە ڕاستە توندڕەوەکان (نەک ڕاستە تەقلیدییەکان لەوێنەی پارتە کۆنزەرڤاتیڤەکان) بە تەنها لە ناو کەسانی بەتەمەن نەبووە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا لەناو گەنجەکاندا بووە. واتە ئێمە بەرامبەر دوو نەوەین، نەوەیەکیان کە یادەوەری گەورەیی نەتەوە لە کۆندا دەیلاوێنێتەوە و نەوەیەکیشیان کە لاوازی و گۆڕانی ماناکانی ئینتیما و نەتەوە لەم سەردەمەدا دەیتۆقێنێ. ترس لە بچووکبوونەوە و وونبوون هاوتەریبی یەکترن لەناو ئەم دوو دەستەیەدا. بێگومان ئەمە بەشێکی ئەو هۆکارانەیە کە وا لەم دوو دەستەیە دەکات ڕوو لەو هێزە توندڕەوانە بکەن، بەرامبەر بەوە چەندان هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیمان هەیە کە پاڵنەری سەرەکی ئەم تەوژمە نوێیەن لەناو پیر و گەنجی ئەوروپی، کە دیارە لێرەدا، جگە لەو خاڵانەی کە باسمان کردن، ناتوانین باس لە هەموویان بکەین. کۆی ئەو

هۆکارانەی باسمانکردن، وادەکەن ئەو گروپانەی کە زەرەرمەندی پرۆسەی یەکێتی ئەوروپی و گلۆبالیزەن ئەگەری توندڕەوێتییان تێدا گەورەتر بێت وەک لەو گروپانەی دی. هەر لێرەشەوە دەتوانین لەو هۆکارە بگەین کە بۆچی بێکاران و بڕێکی کرێکاران دەنگەکانیان دەدەن بە ڕاستڕەوە و توندڕەوەکان و پشت لە ڕێکخراوە تەقلیدییەکانی خۆیان لە نموونەی سۆسیال دیموکرات دەکەن. جگە لەوەش ئەوەمان بیر نەچێت کە کرێکاران لە مێژە ئەو چینە نییە کە ئێمە لە ئەدەبیاتی مارکسیدا دەمانخوێندەوە.

کورتبوونەوەی مەسافەکانی جیاکاری نێوان هێزە سیاسییە تەقلیدییەکانی نێوان چەپ و ڕاستی ناو کۆمەڵگا ئەوروپییەکان کێشەیەکی گەورەی ئەو نەخشە سیاسییەیە کە ئەمڕۆ کۆمەڵگا ئەوروپییەکان بەخۆیانەوە دەبینن. ئەمڕۆ پارتە چەپە تەقلیدییەکانی وەکو سۆسیال دیموکرات و ڕاستە تەقلیدییەکان لە وێنەی کۆنزەرڤاتیڤەکان بە جۆرێک لەیەکدی دەچن کە مەودای جیاوازییەکانیان لە ڕووی پرۆگرامەوە گەلێک لەوە کەمترە کە باس لە بەرەی چەپ بەرەی ڕاست بکرێت. سۆسیال دیموکراتەکان لە نەوەدەکانەوە خوازیاری گوازتنەوەی مۆدێلی (تۆنی بلێر)ن و گۆڕینی بەرنامەو پرۆگرامەکانیان بەرەو لیبرالیزمی نوێ و هەوڵدان بۆ وەچنگخستنی ئەو چینەی کە بە زمانی ئەوان بە «چینی ناوەڕاست» ناونووس دەکرێت، دەبێتە ستراتیژی داهاتوویان. سەردەمی زێڕینی سۆسیال دیموکراتی لە نەوەدەکاندا بەرەوە کۆتایی دەچێت نەک بە تەنها لەبەرئەوەی ئەم حیزبانە لەو ترادیسیۆنە کرێکارییەی کە هەیانە دوورکەوتنەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە چیدی بۆ ئەو ڕێکخراوانەش ڕوونە کە کرێکاران زۆرینەی کۆمەڵگا پێکناهێنن و لەناو کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ئەمڕۆ زیاد لە گروپ و زیاد لە دەستەیەکی کۆمەڵایەتیمان هەیە کە بەرهەمی کۆمەڵگای خەدەمی و زانیارین و بەزمانی سۆسیال دیموکراتەکان بدوێین، «چینی ناوەڕاست» پێکدەهێنن. ئەم هێزی ناوەندە ئەو هێزەیە کە هەموو حیزبەکان ململانێی وەرگرتنی دەنگەکانیانە لە کاتی هەڵبژاردندا، ئەوەی تۆ ناوی چینی ناوەنجی لێدەنێیت سەر بەم ناوەندەیە. وەکو گوتم سالآنی نەوەدی سەدەی بیستەم، سالآنی زێڕینی سۆسیال دیموکراتی بوو. سالآنی پرۆگرام و دووبارە دروستکردنەوەی پێکهاتێکی نوێ بوو ، سالآنی ڕووبەڕووبوونەوەی بوو لەگەڵ پێکۆڵەکانی دیاردەی گلۆبالیزەدا . دەرئەنجامەکانیشی ئەمڕۆ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە کارەسات دەکەوێتەوە و قەڵا لە دوای قەڵای سۆسیال دیموکراتی ئەوروپی ڕۆخاندایە.

لەم میانەشدا یەکانگیرییەکی گوتار لە نێوان بەرەی ڕاست، واتە کۆنزەرڤاتیڤەکان و بەرەی ڕاستە توندڕەوەکان دەبینین. هێزە کۆنزەرڤاتیڤەکان تا بۆیان بکرێت ئەو گوتارەی ڕاستەتوندڕەوەکان دەکەن بە گوتاری خۆیان، تاوەکو لە کاتی هەڵبژاردندا ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە نەدۆڕێن کە پایگای دەنگەکانی ئەوانی لێپێکهاتووە. لە ئەڵمانیا نموونەی هەڵبژاردنی ولایەتی (هێسن)مان هەیە کە لە لایەن کۆنزەرڤاتیڤێکی تۆخەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، بە ناوی (کۆخ). ئەم کابرایە کە سەرۆکی ڕێکخراوی دیموکراتییە مەسیحییەکانە هەموو هێزی خۆی لە هەڵبژاردنی پارلەمانی ولایەتی (هێسن)دا بە دژایەتیکردنی پرۆژەی «دوو هاونیشتمانیبوون» تەرخانکرد، کە لەلایەن پارتی سەوزەکان و سۆسیال دیموکراتەکانەوە پێشنیارکرابوو. واتە بە پێی ئەو پێشنیارەی ئەوسای حکومەتی ئیئتیلافی بوایە، هەموو بێگانەیەک دەیتوانی پاسەپۆرتی ئەڵمانی لە پاڵ پاسەپۆرتی ولآتەکەی خۆی وەربگرێت. (کۆخ) توانی بەم حەملەیەی دژ بە سیاسەتی ئاوێزانبوونی بێگانە لە کۆمەڵگای ئەڵمانی بە نێوی ترس لە نامۆبوونی کولتووری، هەڵبژاردن بباتەوە. یان گەر تەماشای (شیل)ی قانگدراو بە بیرۆچکەی ڕاسیزم بکەین کە ئێستا وەزیری ناوخۆی شاری هامبۆرگە، دەبینین لە دوای یانزەی سیپتێمبەر پەیمان دەدات کە ڕێژەی جەریمەی بێگانە لە شارەکەی لە چەند ڕۆژێکدا بهێنێتە سەر نزمترین ئاست. هەر بەو پەیمانەش هەڵدەبژێردرێت. دیارە وەکو ووتمان ئەمانە لەسەر پەیمان و موژدە کاردەکەن، بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستمە بیڵێم

ئەوەیە کە هێزە کۆنزەرڤاتیڤەکان بە هەمان گوتار ئیشدەکەن کە ڕاستەتوندڕەوەکان کاری پێدەکەن. ئەمەش فەزای سیاسی ناو ئەم کۆمەڵگایانە ئەوەندەی تر ناشرینتر و ترسناکتر دەکات.

گەر تەماشای ئێستای فەرەنساش بکەین، هەمان هاوکێشەمان لەبەردەستدایە، چونکی یەکێک لە ئەولەوییاتی حکومەتە کۆنزەرڤاتیڤە نوێکەی (شیراک) گرنگیدانە بە مەسەلەی ئاساییش. بەم چەشنە دەبینین کە خزمایەتییەکی فیکری لە نێوان هێزە کۆنزەرڤاتیڤەکان و هێزە ڕاستەتوندڕەوەکاندا هەیە، ئەگەرچی هەندێ جار ترسی ئەوەش هەیە کە دەنگەکانی بەرەی کۆنزەرڤاتیڤەکان بۆ بەرەی ڕاستەتوندڕەوەکان دزە بکەن و هێزیان لاواز بکات، بەدیوی ئەودیویشدا دەبینین کە گەمەکە دەبێتە گەمەی هەردووکیان بۆ لێدانی بەرەی سۆسیال دیموکراتەکان و چەپ بە گشتی، ئەمەش لە دروستبوونی چەندان حکومەتی ئیئتیلافی لە نێوان کۆنزەرڤاتیڤەکان و پۆپۆلیستەکان لە وولاتە ئەوروپییەکاندا بەرجەستەدەبێت، وەکو لە نەمسا و ئیتالیا و ئەڵمانیاشدا لە ئاستی حکومەتی ویلایەت دەیبینین، هیوادارم لە هۆڵەنداش نەبێت بەنموونەیەکی تر.

ئەمڕۆ ڕاستەتوندڕەوەکان وەکو کۆنزەرڤاتیڤەکان خۆیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی بەرژەوەندی نەتەوە بەرامبەر بە پێکۆڵەکانی گلۆبالیزە دەبینن. نماییشی خۆیان وەکو دەربڕی ڕاستەقینەی خواستە نەووتراوەکانی کۆمەڵگا دەکەن و خۆیان بە بیرازکەری (مصلح) هەرەسی سیاسەتی ئابووری و ئاساییشی سۆسیال دیموکرات دەبینن. لەم گۆشەنیگایەوە دەگەڕێینەوە سەر تێزی چاندنی ترس، ئەو گوتارەی کە هەموو هێزە ڕاستڕەوەکانی ناو وڵاتە ئەوروپییەکان لەسەری کاردەکەن. ترس لە ئاساییشی کۆمەڵایەتی، ترس لە نامۆبوونی کولتووری، ترس لە لەدەستدانی ئەوەی کە هەیە، ترس لە هەرەسی نرخە ئەوروپییەکان، گەر نەڵێین نرخە مەسیحییەکان. لە دانمارک، لە نەمسا، لە ئەڵمانیا، لە ئیتالیا، لە هۆڵەندا و لە فەرەنسا و لە ئیسپانیا و پورتوگالیش هەڵئاوسانێکی سەیر لە گوتاری ترس بەدیدەکرێت. گەر ئاوڕێک لە فەرەنسا بدەینەوە، دەبینین کە هێزی ڕاستەتوندڕەوەکان و کۆنزەرڤاتیڤەکانیش لەسەر بناغەی ترس هەموو ململانێی هەڵبژاردنیان تەیکرد، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتەکەی (ژوسپان) لە ڕووی ئابوورییەوە هەنگاوی بەرچاوی نابوو. بەرامبەر بەم هێزە ڕەشانەش هێزی سووی تۆخ و سووری کاڵ و سەوزو پەلکەزێرینەی ترمان هەیە، کە بەر مەبنای ترس لە کەوتنی نرخەکانی جمهورییەت و دووبارەبوونەوەی ئەزموونی فاشیزم و نازیزم، هەموو ململانێکەیان خستە ناو چوارچێوەی کایەی ترسەوە. بەم چەشنە چەپ بە ناچاری ململانێی خەباتی پرۆگرامی لەیادکرد و پەیامی لە کاتی هەچبژاردنی دووەمدا بریتی بوو لە ڕزگارکردنی جمهورییەت لە ترسی هێرشی ڕاستەتوندڕەوەکان و ئەوەی کە لە ڕۆژنامەگەریی فەرەنسیدا بە «بومەلەرزە» بۆ بنەماکانی دەزگای دیموکراتی ناودەبرا. براوەی ئەم گەمەیە لە کۆتاییدا بەرەی کونزەرڤاتیڤەکانە، نەک تەنها لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنی دووەمدا زۆربەی بەرەی چەپ دەنگی بۆ (جاک شیراک) دا، بەڵکو (شیراک) و حیزبەکەی لە خاڵێکی زۆر جەوهەریدا گەمەکەی لەگەڵ (ژان ماری لوپێن)ی نەیاریدا بردەپێشەوە، ئەویش کێشەی ئاساییشە لە فەرەنسادا. سەرەتا ناڕاستەخۆ هاوشان لەگەڵ داواکارییەکانی (لوپێن) بۆ کۆککردنی ئاساییش لە فەرەنسادا لە چەپەکانی دا و پاشانیش کە هەڵبژاردن بووە هەڵاوێرد لە نێوان (شیراک) و (لوپێن)، چەپەکان بەناوی پاراستنی نرخەکانی جمهورییەت باوەخون کرانەوە و دەنگیان بۆ (شیراک) دا. سەرەڕای هەموو ئەم شیکارە ڕەخنەییانە ئێمە باس لە گەمەی دیموکراسی ناو سیستمی پارلەمانتاری دەکەین.

ئەو شتەی لە دوای بەهێزبوونی پایگاکانی ئەم دیاردەیەوە هەڵیئەهێنجێنین، وادەکات بمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی بڵێین ئاڕاستەکانی سیاسەتی پۆپۆلیستی و ڕەگەزپەرستی لە ئەوروپادا ڕەهەندێکی ترسناکیان

لەخۆگرتووە، بەڵام ناتوانین باس لە هەیمەنەی ڕاستەتوندڕەوەکان بکەین بۆ سەر کۆی ژیانی دیموکراسی و فەزا مەدەنییەکانی. چونکی بێگومان سیستمی دیموکراسی چەندە بەرهەمهێنەری هێزگەلێکی دێجوری وەکی لوپێن و هاوبیرەکانێتی لە وولاتەکانی دی ئەوروپا، ئەوەندەش کۆبوونەوەی کۆی ڕێکخراوە چەپەکان و نەقابییەکان و قوتابیان و ژنان و ڕێکخراوە ئایینییەکانیش دژ بە ماری لوپێن و حیزبە ڕاسیستەکەی لە فەرەنسا، بەرجەستەکەری ئەو دیوە گەشەیە کە دیموکراسییەت بەرهەمیدەهێنێت.

**تێبینی:**

**بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر هیچ کەسێک یان دەزگایەک مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەی نییە.**